خەدیجە قادر کاپتنی باڵەی یانەی تەقتەق:

# بەربەستەکانی دابونەریت ڕێگرن لە وەرزشکردنی کچان

**ناحیەی تەقتەق –ی سەر بە قەزای کۆیە خاوەنی چەندین کچە یاریزانی بەتوانایە لە یاری تۆپی باڵە و یەکێک لەم یاریزانانەش کە خاوەن ئاستێکی بەرزە لە یاری تۆپی باڵە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، خەدیجە قادر کاپتنی یانەی تەقتەقە کە لە یەک کاتدا دوو کاری وەرزشی دەکات، واتە هەم ڕاهێنەرە و هەم یاریزان. ئەو یاریزانە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٠ی ناحیەی تەقتەق و دەرچووی پەیمانگای وەرزشییە و چەندین ئەنجامی گەورەی لەگەڵ تیپەکەی بەدەستهێناوە لە هەردوو خولی نایابی تۆپی باڵەی کوردستان و عێراق، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

دیمانە: کارزان کانەبی




*** ئاستی یاریی تۆپی باڵە لە کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

- لە ئێستادا ئاستی یاریی باڵە لە کوردستان بە بەراورد بە ساڵانی زوو زۆر باشترە، بەڵام بە بەراورد بە جیهانی باڵەی کچان زۆر لاوازە.

*** ئەی لەسەر ئاستی عێراق کە تۆ لە هەردوو خولەکە بەشداری؟**

-عێراقیش بە هەمان شێوەیە، بەڵام خولی عێراقی زیاتر گرینگی پێ دەدرێت و خولەکان باشتر بەڕێوە دەچن و ڕاگەیاندنیش زیاتر گرینگی پێ دەدات.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی تۆپی باڵەی کچان بەرەو پێش بچێت؟**

- کردنەوەی خولی بەردەوام لە سەر ئاستی ناوەندەکانی خوێندن و ناوەندەکانی وەرزش و کردنەوەی فێرگە بۆ پێگەیاندنی یاریزانان و بە بەردەوامی، ئەوانە هەمووی هۆکارە بۆ ئەوەی ئەم یارییە زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت.

***بۆچی یانەکەتان گرینگی زۆر بە یاری باڵەی کچان دەدات؟**

- لە هەموو کوردستان و بگرە لە جیهانیش وایە هەر یانەیەك بە بەشێك لە یارییەکانی بە ناوبانگە و زیاتر گرینگی بەو یارییە دەدات، تا لە بەشێك دەربکەوێت، ئێمەش لە سەرەتاوە کچانمان باش هاتوونەتە پێش.

***گرفتەکانی کچان لەبەردەم بەردەوامبوونیان لە وەرزش چین؟**

- هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە تاکو ئێستا نەتوانراوە بەتەواوی بەربەستەکانی دابونەریت و

کۆمەڵایەتی ببڕین و کچانمان وەك پێویست ڕێگەیان پێ نادرێت بۆ وەرزش، زۆر کات هاوسەرگیری و منداڵ دەبێتە ڕێگر، هەروەها نەبوونی پشتیوانیی ئابووری بۆ یارییەکە، واتا هاوکاری ئەوانە گرفتی گەورەن.

***هیوا و ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك چییە؟**

-هیوا و ئاواتم ئەوەیە یانەکەم یاری باڵەی کچان زیاتر بەرە پێش ببات و کچە یاریزانی تازە بێنێتە پێشەوە و زۆر حەزیش دەکەم لە داهاتوودا لەم بەشەی وەرزش خزمەت بکەم.

*** هیچ گرێبەستێکت پێشکەش کراوە؟**

-بەڵێ **لە** هەریەك لە یانەکانی کۆیە و ڕانیە و برایەتی گرێبەستم بۆ هاتووە، بەڵام من یاریکردنم لە یانەی تەقتەق زۆر پێ باشترە و حەز دەکەم زیاتر خزمەتی شارەکەی خۆم بکەم.

*** تا چەند لە ستافی تازەی کارگێڕیی یانەکەتان ڕازیت؟**

- یانەکەمان ستافی تازەی دەستنیشان کردووە و ماوەیەکە دەست بەکار بوون، سەرەڕای ئەو قەیرانی داراییە و نەبوونی داهات و بودجە، بەڵام توانییان کارێک بکەن تیپی باڵە بەشداری لە خولی عێراق بکات و تیپی کۆنفۆش بنێرنە وڵاتی تورکیا، هیوای بەردەوامی و کاری باشیان بۆ دەخوازم.

***لە یەك کاتدا ڕاهێنەر و یاریزانی ئەوە چۆنە؟**

-جگە لە یاریزانی یانە وەکو ڕاهێنەریش لەگەڵ مامۆستا حەسۆ لە فێرگەی پێگەیاندنی کچانی تازەپێگەیشتوو ماوەی زیاتر لە بیست مانگە خەریکی کارکردنم، حەزیش دەکەم لە دواڕۆژ وەکو ڕاهێنەر بەردەوام بم.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- داواکاریم ئەوەیە زوو زوو خول بکرێتەوە و هاوکاری جدی بن لەم بوارە، بەتایبەت بەرپرسانی حکوومی و حزبی و ناوەندەکانی وەرزشی لە شارەکان بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە گەشە بکات.

***ئامانجتان لە کردنەوەی فێرگەی تۆپی باڵەی کچان چییە؟**

- ماوەیەکی زۆرە ئەم فێرگەمان هەیە و بە هیوای ئەوەین بتوانین یاریزانی باشیان لێ دروست بکەین.

***خانەوادەکەت چۆن هاوکاریت دەکەن؟**

-زۆر سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم کە هەمیشە هاوکار و پاڵپشتی من بوون و زۆر سوپاسی هاوسەرەکەم دەکەم، داوای لێبوردنیش لە منداڵەکانم دەکەم زۆر کات نەمتوانیوە وەکو پێویست لەگەڵیان بم بە هۆی مەشق و ڕاهێنانەکانەوە.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە کە بەردەوام لە خزمەتی وەرزشکارانن لە شارەکانی کوردستان، سوپاسی ڕاهێنەری یانەکەمان مامۆستا حەسۆ دەکەم کە هەمیشە وەك برایەکی دڵسۆز مامۆستا و ڕاهێنەر و هاوکارم بووە.



## خولێکی ئەوروپی نزیکە لە رفاندنی سوارێز لە بارسا

لویس سوارێزی ئۆرۆگوایی و هێرشبەری یانەی بەرشلۆنە ناوی چووە پاڵ ئەو یاریزانانەی، کە لەکاتی گواستنەوەی یاریزاناندا دەبنە مانشێتی سەرەکی رۆژنامەکانی ئەوروپا.

رۆژنامەی دەیلی ستاری بەریتانی لەزاری رۆژنامەنوسی ئیسپانی ئیدواردۆ ئیندۆوە بڵاویکردووە دوو هۆکار هەن کاریگەری زۆریان دەبێت لەسەر داهاتووی سوارێز و پەیوەندیکردنی بە یانەی چێڵسی ئینگلیزییەوە.

ئیندا وتویەتی لەکاتی بەخشینی پۆستی راهێنەرایەتی یانەی چێڵسی بە لویس ئینریکی یەکەم داواکاری گواستنەوەی لویس سوارێز دەبێت.

ئیندا وتوشیەتی یانەی بەرشلۆنە لەهاوینی داهاتوودا ناچار دەبێت دەستبەرداری یەکێك لەئەستێرە گەورەکانی ببێت، بەتایبەتی گەر گرێبەست لەگەڵ ئەنتوان گریزمانی فەرەنسی و هێرشبەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریددا مۆربکەن.

بەپێی هەمان سەرچاوە نرخی گریزمان زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ دەبێت، هەربۆیە یانەی بەرشلۆنە بەمەبەستی جێبەجێکردنی یاساکانی یاریی خاوێن ناچار دەبێت دەستبەرداری یەکێك لەئەستێرەکانی ببێت.

مانگی رابردوو یانەی بەرشلۆنە بڕی ١٦٠ ملیۆن یۆرۆی لەگواستنەوەی فیلیپ کۆتینیۆی بەرازیلیدا خەرجکرد، هەربۆیە گەر یانەی بەرشلۆنە هەوڵی گواستنەوەی یاریزانێکی سوپەری دیکە بدات، دەبێت دەستبەرداری یەکێك لە ئەستێرە دیارەکانی ببێت.

سوارێز ئەزمونی زۆری لە خولی ئینگلیزی هەیە و لەگەڵ یانەی لیڤەرپوڵدا درکەوتووە، هەموو ئەوانە پێش ئەوە بوو لەهاوینی ٢٠١٤دا پەیوەندی بەیانەی بەرشلۆنەوە بکات.



## لیڤەرپول بەردەوامە لە تۆکمەکردنی هێڵی بەرگری

یانەی لیڤەرپولی ئینگلیزی مۆرکردنی گرێبەستی لەگەڵ بەرگریکارێکی کۆلۆمبیدا ئاشکرا کرد.

یانەی لیڤەرپول لە نووسراوێکی فەرمیدا بڵاویکردووە گرێبەستیان لەگەڵ ئەندرسۆن ئەرۆیۆی تەمەن ١٨ ساڵ مۆرکردووە و بۆ ماوەی ١٨ مانگ بەشێوەی خواستن یاریزانی ناوبراویان داوەتە یانەی مایۆرکای ئیسپانی.

ئەرۆیۆ یاریزانی هەڵبژاردەی کۆلۆمبیای خوار تەمەن ٢٠ ساڵە و لە یانەی فۆرتالیزای کۆلۆمبییەوە پەیوەندی بەیانەی لیڤەرپولەوە کرد. یانەی لیڤەرپول لە نووسراوەکەیدا گوتی: یانەی لیڤەرپول دووپاتی دەکاتەوە گرێبەستی لەگەڵ ئەندرسۆن ئەرۆیۆی بەرگریکاردا مۆرکردووەو راستەوخۆش بەشێوەی خواستن و بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك یاریزانی ناوبراو بۆ یانەی ریاڵ مایۆرکا یاری دەکات.

یانەی لیڤەرپول دووپاتیکردووە گرێبەستەکە لە گواستنەوەی زستانەی یاریزاناندا، کە رۆژی ٣١ی مانگی رابردوو تەواو بوو مۆرکراوە و دوای مۆرکردنی گرێبەستەکەش راستەوخۆ چووەتە ئیسپانیا و وەرزی ئەمساڵ تاکۆتایی و تەواوی وەرزی داهاتووش لە یانەی ریاڵ مایۆرکا یاری دەکات.





# مەرجی دی خیا بۆ مانەوە لە مانچستەر یۆنایتد ئاشکرا بوو

دیڤید دی خیای ئیسپانی و گۆڵپارێزی یانەی مانچستەر یونایتد بەمەرجێك لەگەڵ یانەکەی دەمێنێتەوە.

گرێبەستەکەی دی خیا لەگەڵ یانەی مانچستەر یونایتد هاوینی ٢٠١٩ تەواو دەبێت و بەپێی چەند سەرچاوەیەکی هەواڵیش یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی دەیانەوێت گرێبەستی لەگەڵدا مۆربکەن.

لە ئێستادا مووچەی هەفتانەی دی خیا لەگەڵ مانچستەر یۆنایتد ٢١٠ هەزار پاوەندە، بەڵام دوای پەیوەندی کردنی سانچێز بە مانچستەرو پێدانی مووچەی هەفتانەی ٥٠٥ هەزار پاوەند، دی خیاش خواستی خۆی بۆ زیادکردنی مووچەکەی ئاشکرا کردووە.

بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی زەسەنی بەریتانی دی خیا تاکە مەرجی بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی و مانەوەی لە ئۆڵدترافۆرد زیادکردنی مووچەکەیەتی.

بەپێی هەواڵی رۆژنامە بەریتانییەکە دی خیا بەمەرجی زیادکردنی مووچەکەی لە ٢١٠ هەزارەوە بۆ ٣٧٥ هەزار پاوەند ئامادەیە گرێبەستەکەی لەگەڵ مانچستەر یونایتد نوێبکاتەوە.



# شەری مەدرید و پاریس لەسەر یاریزانێکی یۆڤانتوس دەستی پێکرد

ئەستێرەیەکی یانەی یۆڤانتۆسی ئیتاڵی ناکۆکی دەخاتە نێوان هەردوو یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی و پاریس سان جێرمانی فەرەنسی.

تۆڕی رای سپۆرتی ئیتاڵی بڵاویکردووە یانەی پاریس سان جێرمان پلانی دارشتووە لە داهاتوودا گرێبەست لەگەڵ هەردوو یاریزانی یانەی یۆڤانتۆس پاولۆ دیبالا و ئەلێکس ساندرۆ مۆربکات. بڵاویشیکردووە یانەی یۆڤانتۆس دڵخۆش دەبێت ئەگەر مینۆ رایۆلا کارەکانی دیبالا بەڕێوەببات و کارئاسانی بکات لە فرۆشتنی ئەو یاریزانە بەرانبەر برە پارەیەکی زۆر، ئەوەش لە کاتێکدایە لە ئێستادا ماریانۆی برای بەڕێوەبەری کارەکانیەتی.

تۆڕە ئیتاڵییەکە بڵاویشیکردووە ئێوارە خوانێك لە نێوان نوێنەرانی یانەی پاریس سان جێرمان و ماریانۆی بەڕێوەبەری کارەکانی دیبالا رویداوە و ئامانجیش لەو ئێوارە خوانە گفتوگۆ بووە لەسەر ئەگەری گواستنەوەی یاریزانە ئەرژەنتینییەکە بۆ یانە پاریسییەکە.

تۆڕی رای سپۆرت بڵاویشیکردووە لە دیسەمبەری رابردوودا بەڕێوەبەری کارەکانی دیبالا لەگەڵ یانەی ریاڵ مەدرید گفتوگۆی کردووە.

بەپێی هەمان سەرچاوە خواستی یەکەمی یانەی ریاڵ مەدرید گواستنەوەی نێیمار دا سیلڤایە، بەڵام لەکاتی شکستیان لە گواستنەوەی ئەو یاریزانە بەرازیلییە، دیبالا بژاردەی دووەمی یانەکەی پایتەختی ئیسپانیایە.

چەند سەرچاوەیەکی هەواڵیش بڵاویانکردووە یانەی یۆڤانتۆس ئامادەیە بەرانبەر برە پارەیەکی زۆر و یەکێك لە کارڤاخال یاخود کۆڤاسیچ بەسودی مەدریدییەکان دەستبەرداری دیبالا ببێت.





# هاوڕێ جەلال گەڕایەوە خولی کوردستان

دوای ئەوەی هاوڕێ جەلال یاریزانی پێشووی یانەی سلێمانی و یانەی پێشمەرگەی هەولێر رووی کردە شاری سلێمانی بۆ یاریکردن لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی و گەیشتن بە ریزی هەڵبژاردەی عێراقی، دوای ماوەیەك یاریکردن لە ریزی یانەکە لە خولی عێراقی بڕیاری گەڕانەوەی دا بۆ ریزی یانەیەکی باشووری کوردستان و یاریکردن لە خولی گەورەی کوردستان، لەبارەی چوونیشی بۆ شاری کەربەلا هاوڕێ جەلال بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێگ چوومە ریزی یانەی کەربەلا بۆ ئەوەی لەخولی عێراقی یاری بۆ ئەو یانەیە بکەم و لەسەر داوای حەیدەر مەحمود چوومە ئەو یانەیە، لەو تیپەش بە شێوەیەکی سەرەکی یاریم دەکرد، ئەوەش بۆ من زۆر خۆش بوو، زۆر یانەش نەبوو لە کوردستان بۆ خولی عێراقی، بۆیە ناچارین بچین لە یانەی تر یاری بکەین. ئامانجی من ئەوە بوو بۆ هەر یانەیەك بە شێوەی سەرەکی یاری بکەم، پێشووتریش یانەی نەفتی شاری بەغدا داوای گرێبەستی لێم کردبوو، بەڵام لەبەر سلێمانی رەتم کردەوە.» گوتیشی: «بۆ خولی کوردستان یانەی برایەتی و زێرەڤانی داوایان کردبووم بۆ یاریکردن، بەڵام من ئێستا بە یەکجاری گەڕاومەتەوە کوردستان و گرێبەستم لەگەڵ یانەی نەورۆز کردووە و لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان بە درێسی ئەو یانەیە یاری دەکەم، چوونیشم بۆ خولی عێراقی بۆ ئەوە بوو لە رێگای خولی عێراقی بگەمە هەڵبژاردەی عێراق و بچمە ریزی تیپە جەماوەرییەکان و یاریی بۆ ئەوان بکەم، بەهیوای ئەوەشم لە خولی کوردستان لەگەڵ یانەی شارەکەم بتوانم ئاست و ئەنجامێکی شایستە پێشکەش بکەم».



# زاخۆ خۆی بەهێز دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی زاخۆ نوێنەری یانەکانی باشووری کوردستان لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی ئەمساڵ ئەنجامەکانی وەکو پێویست نین لە خولەکە، بۆیە کارگێڕیی یانەکە پلانی ئەوەی داناوە تیپەکە بباتە قۆناخێکی تری پێشڤەچوون لە خولەکە، لە ئێستادا ژمارەیەك یاریزانی کردۆتە ئامانج بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ واژوو بکات بۆ یاریکردن لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، کارگێڕیی تیپەکەش هەوڵی رازیکردنی هەریەك لە یاریزانان سەیفەدین ئەلشەمرانی یاریزانی بە رەچەڵەک تونسی و رۆماریۆ گۆرگیس یاریزانی خولی ئەمریکی دەادت کە ئێستا بۆ هەڵبژاردەی عێراقی داوا کراوە، ئەم دوو یاریزانە هاتوونەتە شاری زاخۆ بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵدا مۆر بکرێ، سەرچاوەیەکیش لە یانەی وەرزشیی زاخۆ ئەوەی ئاشکرا کردووە، کەوا کارگێریی یانەی وەرزشیی زاخۆ دەیانەوێ ئەم وەرزە ئاستێکی باش پێشکەش بکەن لە یارییەکانی قۆناغی داهاتووی خولی نایابی یانەکانی عێراقی کە نوێنەری یانەکانی کوردستانیشن، هەرچەندە زاخۆ هەموو هەوڵێك دەدات بۆ ئەوەی زیاتر بە پێکهاتەیەك لە یاریزانانی کورد یاری بکات، بۆیە ژمارەیەك یاریزانی لە یانەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بردۆتە ریزی یانەکەی.



# هەندرێن چاوی لە ئەنجامی گەورەیە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی هەندرێن ئەم وەرزە ئامادەکاری پێویستیان کردووە بۆ ئەوەی بتوانن کێبڕکێ بکەن لەگەڵ یانەکانی تری بەشدار لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، ستافی راهێنەرانی یانەکەش ئەمساڵ زیاتر پشتیان بە یاریزانانی لاوی یانەکە بەستووە بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامێکی شایستە دەستەبەر بکەن، کارگێڕی یانەکە و راهێنەرانیش پلانی تۆکمەیان داناوە بۆ ئەوەی سەرکەوتنی گرنگ بەدەست بهێنن، لەبارەی ئامادەکارییەکانیش دڵشاد مەعروف راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی هەندرێن بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «خولی کوردستان ئەمسال سیستەمەکەی جیاوازە، ئەوەش گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ سەرجەم تیپە بەشداربووەکانی خولەکە، ئێمەش لە رووی ئامادەکارییەوە زۆر باشین و گرفتی ئەوتۆمان نییە، هەموو بە یەکەوە چاومان لەوەیە بتوانین ئەنجامێکی باش لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەست بهێنن، خولی کوردستانیش ئەمساڵ بەهێزیی بە خۆیەوە دەبینێت، چونکە زۆربەی تیپەکان چاویان لەوەیە ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن و خاوەن یاریزانی بەتواناشن، ئێمەش وەکو یانەی هەندرێن هیچ گرفتێکمان نییە و تیپەکەمان هەمووی لاوە و دەمانەوێ ئەنجامی باش بەدەست بهێنین».